کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
14-6-2007 22:39بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## مەرگیش نابێتە هاوڵی تەنیاییم ... سەرهەنگ خامۆش



کە تەنیاییم
لە ژێر هەوری چاوەڕوانی دا
ئۆقرەی گرت
پێکی زامی ئازارەکانم
لەباوەشی زەردی خەزان
خواردەوە...
زۆر هێمنتر
لە میللی کاتژمێری دڵدارەکان
لە کۆڵانە تاریکەکانی ژوان
هەنگاوم دەبڕی
بۆ ئەوەی ملوانکەی ئەوینی شەو
لە گەردنی سەحەر بئاڵێنم
لە چاوەکانی خۆریش
ئایەتەکانی ئاوێتە بونی ڕۆح
بخوێنمەوە...
زۆر دەترسم ئەمجارەیان
لە حیکمەتەکانی (با) نەگەم
لە ئامێزی چاوەڕوانی دا
هەڵوەرێم..
بۆیە خۆزگەکانم
لە ناخی ووشکی خاکدا
وون بوون
لەگەڵ یەکەم ساتی چاوتروکانی خۆر
لە نێو خەرمانەی گوڵە گەنمە تینوەکان
چاویان هەڵێنا
بوون بە پاکیزەیی مەملەکەتی ئەوین
ئاسۆش لە زەنگی دڵی دڵدارەکانی دا
دەرگای سەوزی ماچەکانیش
لە سەرپشت کرانەوە
باڵەفرکەی پەپولەش
بوو بە سیمفۆنیای سەفەری عەشق
بۆ نێو پەرە خوساوەکانی گوڵ
کەچی من هەر لە چاوەڕوانی دابووم

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لە تەنیاییش تەنیاتر بووم
زۆ لە چۆلەکەیەکی کزی سەر چڵێك
نامۆتر بووم
شەو پەنجەکانی
لە نێو سینەی خەم ترازاند
کەچی من هەر بەدیار
حەسرەتەکانی چاوەڕوانی
ئێشك دەگرم
واخەریکم وەنەوزەکانی ژوان
لە باوەشی گزنگ دا دەخەوێنم
هەناسە ساردەکانیشم
لە دەشتی چاوەڕوانیدا دەڕوێنم...
پاساریەکانیش
هێلانەکانیان جیهیشت
بۆ دەڤەری عەشق کۆچیان کرد
کە چی من لەژێر بنمیچی
پەنجەرەکانی فیراقەوە
هەڵپڕوکاوم...
تازە درەنگە گەیشتن
بە پەیامە هەڵچوەکانی قیبلەی دڵداریم
عەشقیش لە ئەرشیڤی خۆیدا
نامنوسێتەوە
لە تەنیاییم وا خەریکە فەنادەبم
بەرەو ناخی گەردەلولی مەرگ
هەنگاو دەنێم
من دەزانم
دوای دابڕان لە ژانی پڕ چاوەڕوانیم
مەرگیش نابێتە هاوەڵی تەنیاییم ... !!!

Xamosh_s@hotmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.